www.kurdistannet.org
28-8-2006 21:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فیدل کاستروو دوا ساتەکانی فەرمانڕەوایی ... پارێزەر/ هەڵکەوت حیکمەت مەلاعلی



پاش زیاتر لە پەنجا سال تەمەنی کاسترو لە ئایندەیەکی کورتدا دەبێتە هەشتا سال لەم سۆنگەیەوە دەسەڵات دەبخشێتە رائول کاستروی برای بچوکی کە بە پیاوی دووەمی کوبا دەژمێردرێت، ئێستا فیدل کاسترو کە دووچاری نەخوشی هاتەوەو لە نەخوشخانەدا لە ژیر چاودێریکی تۆندی پزیشکیدایە بەڵام بە پێ هەندێ سەرچاوەی نێو کوبا کە ئاماژە بەوە دەکەن کە بە چاك بونەوەی چانسی گەڕانەوەی هەیە بۆ نێو دەسەڵات، بەڵام ئەم جۆرە هەواڵانە جێگەی گومانن چونکە کاسترو لە تەمەنی هەشتاسالیدایەو وە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە کەسێکی ماندووەو تواناو دەسەڵاتی ڕوژ لە دوای ڕوژ بەرەو نەمان دەچێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە کە پاش خانەوادەی کاسترو چ کەسێك یان چ کەسانێك دەسەڵات لە کوبادا دەگرنە دەست و چۆن فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن چونکە رائول کاستروی برای تەمەنی لە حەفتا سالیدایە ئەویش لە مەودایەکی زۆر کورتدا توانای خۆی لە دەست دەدات، کاسترو لە ماوەی پەنجا سالەی فەرمانڕەوایی کردنی دیفاکتویەك زۆر بە ڕوونی خۆی نیشانده‌دات ئەویش لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا کەسانێك کە بە شێوازێکی لۆژیکیانە بۆ مەسەلەکان ڕوشتبن یان لە کارەکانیاندا سەربەخۆ بوون ئەوا زۆربەیان پەراوێز کراون یان لە وڵات دوورخراونەتەوە کە ئەمەش خۆی لە بازنە و تایبەتمەندیەکانی حکوومەت و رژیمە توتالیتارو دەسەڵات خوازەکانە کە دەخوازن بەم شێوەیە دەسەڵاتەکانیان جێگیر بکەن و بەردەوامی پێ بدەن،

لە سیستەمی کۆمەنیستی کوبا هەرگێز بارودۆخ لەبار نەبووە وە یان ڕیگا نەدراوە کە خەلکانی دوور لە دەسەڵات هیچ جۆرە چالاکیەکی مەدەنی یان رێکخراوەیی سیاسی ئەنجام بدەن یان پراکتیزەی بکەن جگە لە دەسەڵاتی کاسترو و رائولی برای نەبێت کە ئەمەش بووەتە هۆکاری دروست بوونی ڕەوشێکی تاریك و نادیار بۆ ئەم وڵاتە. فیدل کاسترو و هاوڕیکانی بۆ یەکەمین جار لە سالی 1959 دا توانییان بگەنە کۆشکی دەسەڵات وە بە درێژایی پەنجا سالەی فەرمانڕەوایی کردنیان کاسترو پیاوی یەکەمی وڵات و دەسەڵات بووە خۆی هەمە کارە بووە وە هەمیشە خۆی لەسەرووی یاسا داناوە، هەردەم گوێڕایل نەبووە بە وەتەو ڕاوێژی کەسانی دیکە هەر بوویە لەرژیمی توتالیتاری کوبادا هەموو دەزگاکان و یاساو ڕیساکان تەنها فەرمایشی بوون نەك زیاتر هەر لە بەر ئەوە کاسترو وەك تاك خاوەنی هەموو جۆرە بڕیارێك بووە. بێگومان لە هەر دەولەت و حکوومەتێکدا ئەگەر دەسەڵات بە هەموو جۆرەکانیەوە لە چوارچێوەی تەنها کەسێکدا چڕ بکرێتەوە ئەوا سیستەمی وڵات و هەموو کاروبارەکانی حکوومەت ڕووبەڕووی کێشەو گرفت دەبنەوە لە هەمانکاتدا دەبێتە فاکتەری بەرجستەبوونی کێماسیەکان، بەڵام تەواو بە پێچەوانەوە لە سیستەمیکی سیاسی دیموکراسی کە هاوڵاتیان بنچینەی دەسەڵات بن و لە لایەن ئەوانەوە دەسەڵات هەڵبژێردرابێت و بتوانن مافەکانیان موماریسەو پراکتێزە بکەن بە لە دەست دانی کەسێك بارودۆخەکە گۆڕانێکی ئەوتۆ لە خۆ ناگرێت و کاریگەریشی زۆر نابێت، لێرەوە دەتوانین بڵین ڕژیمە ڕامیاریەکان لە جیهاندا دەبنە دوو دەستەوە:

دەستەی یەکەم: ئەو ڕژیمانە دەگرێتەوە کە لە ئازادی و دیموکراسیەوە سەرچاوەیان گرتەوە لەم ڕژیمانەدا هەولدەدرێت سوود لە کەسانی ئەکادیمی بە ئەزموون وبە توانا و پسپۆر وەربگیرێت، لە تەك ئەوەشدا کار دەکرێت لە پێناوی زیاتر بەدیهێنانی بەرژەوەندیە باڵاکانی هاوڵاتیان.

دەستەی دووەم: ئەو ڕژیمانە کە پەیوەستن بە حوکمێکی ئیستبدادییەوە کە بە پێچەوانەی دەستەی یەکەم کار دەکەن لە پێناوی کەپت کردن و لە قالب دانی ئازادی و بەرژەوەندیەکانی هاولاتیان لە هەمانکاتدا کار دەکەن بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان و زیاتر پاوانکردنی دەسەڵاتەکان. ڕژیمە تۆتالیتاریەکان لە وینەی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران و یان کوبا کە خاوەنی کۆمەڵی تایبەتمەندین کە خۆی لە تاکە حیزبی و تاك ئایدۆلۆجیا دەبینێتەوە، لەم جۆرە سیستەمانەدا پەرلەمان و هەڵبژاردن و ئامادە بوونی هاولاتیان تەنها فەرمایشتین و هەموویان بە کۆمەڵ دەبێت لە خزمەتی دەسەڵاتداراندا بێت.

لەم ئاراستەیەدا یەکێك لە خاوەن تیۆرە سیاسیەکان بڕوای وایە کە ئیستبدادی نوێ وابستەیە بە چەمکی تاکە حیزبی وە تاکە حیزبی گەورەترین داهێنانی سەدەی بیستەم بووە لەمەڕ حکوومەت، لەم جۆرە ڕژیمانەدا حیزبی تاك هەمیشە لە هەوڵدایە دەسەلات و ڕۆڵی تاك لایەنەی خۆی بسەپێنێت لە پێناوی ئەوەی کە حکوومەتەکەی پێکهاتەی ئەو کەسانە بێت کە بە شێوەیەك لە شێوازەکان نزیك بێت لە دەسەڵاتدارانەوە بێ گوێدانە هیچ پێوەرێك تەنها لە سەر بنەمای ئارەزووی کەسی (مزاج شخيى) وە بێت وە بێ گرنگیدان و ڕچاوگردنی مافی هاولاتیانی تر کە لەم پێناوەدا ماندوو بوون و قوربانیان داوە، ئەم جۆرە لە ڕژیم و حکوومەت و کۆمەڵگایانە ئەگەر چی لە مەودایەکدا دەتوانن فەرمانڕەوابن بەلام سەرئەنجام دووچاری دارمانێکی گەورە دەبێتەوە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەمڕو کاسترو بونیادی ناوە و پارێزگاری لێ دەکات بەدەر نیە لەم تایبەتمەندیانە، بۆیە دەبینین ئەمڕو کە کاسترو لە بارێکی تەندروستی خراپدایە دەسەلات سەرەتاکانی لاوازبوونی لە خۆ گرتەوە بۆیە ناتوانین بە ئایندە گەشبینبین بەلام ئەگەری ئەوەش هەیە ئامادەبوونی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و کۆتای هاتنی فیدل کاسترو ئیتر سەردەمی بەرقراربوونی یاساو ڕێساو بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی بێت لە کوبادا.

ئەمڕو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی کاسترو بە شێوەیەکی گشتی لە ویلایەتی مەیامی لە ئەمریکا نیشتەجێن هەر لە یەکەم ساتی ڕاگەیاندنی ئەوەی کە کاسترو لە بارێکی ساغلەمی خرپدایە و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە بە دەیان لە هاولاتیانی ئۆپۆزسیۆن ڕژانە نێو شەقامەکانی مەیامی وە خۆشحالی خۆیان دەردەبڕی بەرامبەر بەم هەواڵە، زۆر لە ئورگانەکانی ڕاگەیاندن پێیان وایە کاسترو کۆتایی بە ژیانی هاتەوە بەلام دەسەڵاتدارانی کوبا ئەم هەواڵە دەشارنەوە یان ئەوەی کە کاسترو دەخوازێت لە سەرخۆ وە بە شێوەیەکی ئارام دەسەلات بە رائولی برای بسپێرێت تا لە پاش خۆی کوبا دووچاری کێشە و گرفت نەبێتەوە. فیدل کاسترو لە سالی 1927 لە دایك بووە، وە لە سالی 1953 دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکات دەژی حکوومەتی ئەوکاتە بەلام سەرکەوتوو نابێت ئەنجام دوور دەخرێتەوە، لە سالی 1959 کاسترو دەتوانێت دەسەلات بگرێتە دەست وە باتیستا کە سەرۆکی وولات بوو وە لە ڕیگەی کودەتای سەربازیەوە هاتەبووە سەر حوکم وە لە هاوپیمانانی ئەمریکا بوو وەدەر بنێت و بۆ هەتاهەتایی دووری بخاتەوە. بە درێژایی سالانی فەرمانڕەوایەتی کاسترو وولاتی بەرەو ڕژیمێکی کۆمەنیستی یەکگرتوو گۆڕی وینەی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو ئەمە لە کاتێکدا کە پەیوەندیەکی ئەوتۆی لە گەڵ پارتی کۆمەنیستی سۆڤیەتدا نەبووە، بەلام لە بەر ئەوەی کە کوبا سنوورێکی نزیکی هەیە لە گەڵ ئەمریکا و وە بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕشە دەبوویەوە لە لایەن ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ڕوانگەیەوە وە بۆ پاراستنی خۆی دەستی هاوکاری بۆ کرملین درێژ کرد وە بووە هاوپەیمانێکی ستراتیژی یەکیەتی سۆڤیەت، لەم ئاراستەیەدا لە سالی 1961 دا پەیوەندی نێوان کوبا وئەمریکا پچڕا وە لەو ساتەوە ئەمریکا دەژی هەر جۆرە بە هێزبوونێکی وولاتی کوبایە.

کوبا بە درێژایی ئەو سالانەی کە کاسترو فەرمانڕەوای کردەوە ڕووبەڕووی دوو ڕووداوی گرنگ بووەتەوە: یەکەم، ڕووداوی دەریای خوکەکان بوو کە لە سالی 1961 دا ڕووی دا ئەم کردارە لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەکانی کوبا بە پالپشتی و هاوکاری دەزگای هەوالگری ئەمریکا سی ئای ئی ئەنجام درا کە

ئامانج لەم کردارە لە نێو بردنی ڕژیمی کوبا بوو بەلام لە دەریای خوکەکان ڕووبەڕووی هێزەکانی کوبا دەبنەوەو لە ئەنجامدا هەلدێن.

ڕووداوی دووەم، کە فاکتەرێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی کوبا زیاتر پال بداتە لای یەکیەتی سۆڤیەت لە سالی 1962 بوو کە بە قەیرانی موشەکی ناسرابوون، بەرپابوونی ئەم قەیرانە دەرهاویشتەی ڕیکەوتنی نێوان هەر دوو وولات کوبا و سۆڤیەت بوو لە سەر جێگیر کردنی موشەکە روسیەکان لە خاکی کوبادا ئەم موشوکانە دەیانتوانی بە ئاسانی ئامانجەکانیان بپێکن لە نێو خاکی ئەمریکادا. گەورەبوونی ئەم ڕووداوە پەیوەندیەکانی هەر دوو زلهێزی جیهانی خستە چوارچێوەیەکی خەتەرناکەوە وە ئەگەر هەول و کوششی هەر یەك لە خروشۆف سەرۆکی ئەو کاتەی یەکیەتی سۆڤیەت و جۆن کەنەدی سەرۆکی ئەمریکا نەبوایە ترسی ئەوە هەبوو کە شەڕی ئەتۆمی هەلگیرسێت وە بارودۆخی جیهانی سەراپا تێك بچێت.

ئەم دوو ڕووداوە لە سەردەمی سەرۆکایەتی جۆن کەنەدی ڕوویدا وایی لە کاسترو کرد کە زیاتر وابستە بێت بە یەکیەتی سۆڤیەت و کۆمەنیستەکان ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمی شۆڕش لە شاخەکانی سیراماسترا لە کوبا کۆمەنیست نەبووەو هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ئەوتۆی لە ئاست پیویستدا لە گەل پارتی کۆمەنیستدا نەبووە. فیدل کاسترو بە درێژایی سالانی فەرمانڕەوایی کردنی جۆرەها بەرپرسیارەتی گرتەوەتە دەست لەوانە سەرۆکایەتی لێژنەی وەزیران و سەرۆك وەزیران، سکرتێری پارتی کۆمەنیست، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دەولەتی و سەرۆك کۆماری، هەرچی رائول برای کە هەردەم لە گەل کاسترودا بووە بە پیاوی دووەمی وولات ناسراوە، رائول کاسترو ئەم پۆستانەی گرتوەتە دەست سکرتیری دووەمی پارتی کۆمەنیست، جێگیری سەرۆکی ئەنجوومەنی دەولەتی و وەزیران و وەزارەتی بەرگری.

رائول کاسترو جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە بە مان ونەمانی فیدل کاسترو پارتی کۆمەنیستی کوبا وەك سەرچاوەی دەسەلاتی سیاسی دەمینێتەوە وە دەبێتە سیمبولێك بۆ زامن کردنی یەکیەتی خاکی کوبا. سەبارەت بەو هەوال و ڕووداوانەی کە لە کوبادا ڕوو دەدەن کەنالی سی ئێن ئێنی ئەمریکا لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بۆ سێ خال دەکات:

یەکەم، کاسترو لە بارێکی تەندروستی خراپدایە یا خود پێویست بە نەشتەگەری دەکات.

دووەم، کاسترو وەفاتی کردەوە بەلام دەسەلاتدارانی کوبا ئامادە نین بەم نزیکانە ئەم هەوالە پشتڕاست بکاتەوە.

سێهەم، لەوانەیە هەوالی نەخوش بوونی کاسترو لە گۆڕەپانی سیاسی دا کارێکی ساختەگەری بێت تاوەکو لەو ڕیگایەوە شوین و چالاکی ئۆپۆزسیۆنەکان لە نێوخوی وولاتدا ئاشکرا بکرێت. ئەوەی ئەمڕوکە لە کوبادا ڕوودەدات بە درێژایی پەنجا سالەی فەرمانڕەوای کردن یەکەمین جارە کە وولات دۆخیکی لەو شێوەیە لە خۆ دەگرێت، بەلام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بە کۆتایی هاتنی کاستروکان و کۆمەنیستەکان جاریکی تر سیستەمی تاکە حیزبی بەردەوام دەبێت یان کوبا وەك یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو و وولاتانی شەرقی کۆمەنیستی ئەوروپا دادەڕمێت و ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت.

سوێد.